



# یارمەتیدانی منداڵەکەت بۆ ئەوەی ببێت بە خوێنەر

## ئامۆژگاریە گرنگەکان:


هەموو رۆژێک کات بۆ خوێندەوە تەرخان بکە.  تەنانەت خولەکیش لە رۆژێکدا جیاوازیەکی گەورە دروست دەکات.

نیگەران مەبە ئەگەر ناتوانیت بە ئینگلیزی بخوێنیتەوە - باسکردنی کتێبی هەر زمانێک هاوکاریی خوێندنەوەی منداڵەکەت دەدات.

دەستبکە بە هاندانی منداڵەکەت بۆ ئەوەی لە تەمەنی منداڵیەوە چێژ لە کتێبەکان وەربگرێت - ئەمە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر ئاستی منداڵەکان لە قوتابخانە کاتێک گەورەتر بوون.

هەر کاتێک گونجاو بوو، رێگە بدە منداڵەکەت کتێب هەڵبژێرێت. بەڵێ، لەوانەیە دووبارە و دووبارە کتێبی پەسەندی خۆیان هەڵبژێرن... ئەمە شتێکی تەواو سروشتیە.

**شوێنێکی بێدەنگ بدۆزەرەوە بەبێ بێزارکردن.**



هانی ئەندامانی تری خێزانەکەت بدە لەگەڵ منداڵەکەتدا بخوێننەوە.

خۆیشت بخوێنەرەوە و ببە بە نمونەیەکی باش.

**با لەماڵەوە کتێبت هەبێت**.دەتوانیت بێبەرامبەر لە کتێبخانە وەریان بگریت یان لە دوکانە خێرخوازیەکان بە هەرزان بیانکڕیت.



لەسەر تەلەفزیۆنەکەت، با ژێرنوونی ڤیدیۆکان ئینگلیزی بن.

باسی وێنە و بەرگی کتێبەکە بکەن. بۆ نمونە، " ئەو گورگە دەبینیت خۆی دەشارێتەوە؟" لە شوێنی گونجاودا لە خوێندەوە بوەستە و بپرسە؛ "پێتوایە دوای ئەوە چی روودەدات؟"

هەستەکانی خۆت بخەرەڕوو کاتێک دەخوێنیتەوە. بۆ نمونە، پێبکەنە، خەندە بکە، خۆت ترساو یان خەمگین دەربخە. بە پەرۆشەوە بخوێنەرەوە. لە کاتی خوێندنەوەدا خۆشی وەربگرن!

## بۆ منداڵەکەت بخوێنەرەوە!

- زۆر گرنگە بۆ منداڵی هەر تەمەنێک کە شتیان بۆ بخوێنرێتەوە.



- **کتێبەکان بە هەر زمانێک بن گرفت نیە و دەکرێت کتێبی وێنەیی ساکار یان کتێبی دوورودرێژ بن.**
- بەسەربردنی ئەم کاتە بەنرخە لەگەڵ تۆدا، یارمەتیی منداڵەکە دەدات خۆشەویستیی بۆ خوێندنەوە لا چەکەرە بکات.

# لەگەڵ منداڵەکەت بخوێنەرەوە!

ئەگەر لەسەر وشەیەک گیریانخوارد:

- هانیان بدە هەموو پیتەکان بە دەنگی بەرز بخوێننەوە و دەنگەکان تێکەڵ بکەن بۆ دەربڕینی وشەکە
- وەک ئاماژەیەک، وێنەکان بەکاربهێنە

ئەگەر هێشتا گیردەخوات، فەرهەنگێکی ئۆنلاین بەکاربهێنە بۆ ئەوەی بزانیت وشەکە مانای چیە.

هەوڵبدە ئەرێنی بە و هانی منداڵەکەت بدە بۆ هەوڵ و دەستکەوتەکانی، تەنانەت ئەگەر هەموو کتێبەکەش بە پاراوی نەخوێننەوە!

## پاش خوێندنەوە:

- باسی ئەو ئەزموونە هاوشێوانە بکە کە رەنگە منداڵەکەت پێیاندا تێپەڕیبێت. :لە بیرتە کە تۆ ...." "رێک وەک ئەو کاتە وایە کە تۆ .........."
- **واتر باسی پاش چیرۆکەکە بکە.** "حەزت لە کام بەشە بوو؟" "ئەوە پێکەنیناوی نەبوو کاتێک ....؟"



- خوێندنەوە لەگەڵ منداڵەکەت چێژ بە خوێندنەوە دەبەخشێت. ئەگەر خوێندنەوە خۆش بێت، منداڵان دەبن بە خێنەری چاک و خۆیان فێردەبن بخوێننەوە .... دواجار ئەوە شتێکە کە هەموومان دەمانەوێت.




## چی ئەگەر نەتوانم بە ئینگلیزی بخوێنمەوە؟

ئەگەر منداڵەکە بە ئینگلیزی دەخوێنێتەوە، تۆ هێشتا دەتوانیت بە زمانی خۆت باسی کتێبەکە بکەیت لەگەڵی.

ئەمە یارمەتیی ئەوەیش دەدات بە زمانەکەی خۆیشت چیرۆک بخوێنێتەوە.

گێڕانەوەی چیرۆک بۆ یەکتر واتە بەسەربردنی کات پێکەوە، چێژوەرگرتن، نەک تەنها فێربوونی خوێندنەوە.



**گوێگرتن لە کتێبی دەنگی دەکرێت یارمەتیی هەردووکتان بدات بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی.**

قوتابخانە منداڵەکەت فێری خوێندنەوە دەکات - دایک و باوکان دەتوانن منداڵەکانیان فێربکەن چۆن خوێندنەوەیان خۆش بووێت.

Lancashire County Council